# وەلامێک بۆ پەیامەکەی بارزانی

لە پێناوی دایەلۆگێکی عەقلانیی و دیمۆکراسیی و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییدا

## دکتۆرکەمال میراودەلی

### بەشی حەوتەم

### هاوڕایی و پلورالیزم .

ئەم تیۆرییەی هاوڕایی کە لە بەشی پێشوودا باسم کرد بینین و ئامانجی کۆڕایی یە لە روانگەی دەسەلات و دەزگاکانی و هێزەکۆنەخوازەکانی پەیوەست پێیەوە . ئەوانە دەخوازن عەقل و کۆبەندی دەسەلات بەیەکەوە ببەستنەوەو لە رێگای سیستمی بەهاکانی کۆمەلایەتی و دەزگا کۆنەپارێزەکانەوە وێنەی هاوڕایی یەکی گشتی بسەپێنن کە کە جیاوازیی و بەرهەڵستیی و رەخنە بسڕێتەوەو نوێنەری روانگەو بەرژەوەندی چینە دەسەلاتدارەکان بێت .

بۆ سەپاندنی جیهانبینی خۆشیان سوود لە ئایدیای یەکێتیی و یەکبوون دەبینن ئەو یەکبوونەش لە ئایدیای 'عەقل 'ی بەکۆمەڵی و بەرژەوەندی گشتییدا دا دەبیننەوە کە دەسەلاتی باو لە جیاتی کۆمەڵ نوێنەرایەتی دەکات .

ئەم جۆرە بۆچوونە پاراستنی بارییباوو سیستمی دەسەلات و چینە بەرژەوەندیدارەکان بە ئامانجی کۆسازان و هاوڕایی دەزانێت و

دەخوازێت هەموو چاکسازیی و گۆڕانێك لە چوارچێوەی دامەزراوەکانیان و پرۆژەو ئەجنداکانی خۆیاندا ئەنجامبدرێت .

## هاوڕایی دیمۆکراسی :

بە پێچەوانەی ئەوەوە ، بۆچوونی دیمۆکراتیی بۆ هاوڕایی بەکارهێنانێتی وەک رەوش و پرۆسەو پراوەیەک بۆ بەهێزکردن و پتەوکردن وفراوانکردن و دادپەروەرییکردنی زیاتری پرۆسەی دیمۆکراتی و رەخساندنی دەرفەتی بەشداریی فراوانترین توێژەکانی هێزی سیاسیی و دیمۆکراتیی خەڵک .

## لەم روانگەوە :

١. کۆسازیی جێگەی پرۆسەی دیمۆکراتی لەوانە دەنگدان و ریفراندۆم و دەوری پەرلەمان و دەزگا سەربەخۆکانی دەولەت وەک دادگای دەستووریی و دادوەریی و میدیای ئازاد ناگرێتەوە بەلکو لە پاڵ کارکردنی ئاسایی ئەوانەوە بۆ زیاتر زامنکردنی هاوبەشی دیمۆکراتیی ئۆپۆزیسیۆن و کەمینەی پەرلەمانیی هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمان و کۆمەڵگای مەدەنیی و بەکورتی هەر هاولاتییەکی ئازاد ، لە بارودۆخێکی تایبەتی [ رەوشی نائاسایی ) دا بێت یان لە حالەتی یاساییدا ، دەسەلاتی سیاسیی رۆژ ، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت یان وەک سیاسەتێکی مەبدەئی درێژخایەن ، [ سیاسەتی کۆرایی] بەکاردێنێت .

٢. واتە لە جیاتی ئەوەی دەسەلات ، وەک حکومەت یان پەرلەمان ، تەنانەت لە رێگەی پرۆسە یاساییەکانیشەوە تەنیا خۆی بریار بدات و مافی ورگرتنی بریاردانی سیاسیی خۆی بەکاربێنێت : بۆ بەرژەوەندی گشتی بو دۆزینەوە چارەسەری سیاسیی باشتر و سەقامگیرترو درێژخایەنتر بۆ کێشەکان و بەدەستهێنانی پشتگیریی هەموو هێزە سیاسیی ومەدەنییەکان، هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی زۆربەی پەرلەمانیی و تەنانەت پەرلەمانییش لە بریاردانی سیاسییدا بە ( کۆرایی ) بەشدار

دەکات و پرۆسەو میکانیزم و خەرجێی و کاتی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەرەخسێنێت ..

٢. سیاسەتی کۆڕایی ئەوەیە کە لە هەموو پرس و بابەتە گرنگەکاندا کە پێوەندیان بە پرۆسەو میکانیزمی حوکم و وەرگرتنی بریاری سیاسییەوە هەیە ، بەر لەوەی پرۆسەی دەنگدانی دیمۆکراتی بەکاربێنێت ، لە ڕێگای دایەلۆگ ، راوێژ ، و کۆبوونەوەی کراوەوە ، ڕێگای هەموو هێزە سیاسییەکان و مەدەنییەکان دەدات کە رای خۆیان دەربارەی پرسەکان پێشکەش بکەن و دوایی لە رێگای وتوویژو بەشدارییەکی کاریگەرەوە بگەنە بریاری [ هاورای ی] واتە حسێب بۆ رای هەر لایەک و هەموو لایەک بکرێت . ئەوسا ئەو کۆرایی یە دەبێتە بنەماو بریاری سیاسیی و پێویست بە دەنگدان نامێنیتەوە مەگەر خستنە دەنگەوە بەشێک بێ لە بریارە هاورایی یەکە وەک ئەوەی بۆ نموونە : کە دوای ئەوەی هاورایی لە سەر دەستوور دروست بوو بخرێتە رێفراندۆمەوە .

٣. گەیشتن بە بریاری سیاسیی لە رێگای بەشداریی هەموو گروپە پەرلەمانیی و دەر - پەرلەمانیی دەبێتە هۆی دۆزینەوەی چارەسەریی باشتر لە بریاردان بە زۆربەی یەک دەنگ یان زیاتر ، لە بەر ئەوەی هەموو خاوەنبەرژەوەندیەیکان بەشدار دەبن و رای ئەوانیش بە هەند وەردەگیرێ و بە ئازادیی و یەکسانیی ئالوگۆری بیرورای خۆیان دەکەن ، هەموو هەست بە بەرپرسیارێتی زیاتر دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کۆڕایی بۆ کێشەکان .

٤. بوونی رای زۆرتر و بۆچوون و پێشنیازیی زۆرترو دایەلۆگی گەرمیی ئەو راوبۆچوونانە ئیختیاری چارەسەرییەکان زۆرترو دەولەمەندتر دەکات و هەرکاتێکێش چارەسەرییەکان دۆزرانەوەو بڕیارەکان دران هەموو ئیلتیزامی تەواویان بە بڕیارەکانەوە دەبێت چونکە هەموو بڕیارەکان بە ملکی دیمۆکراتیی هاورایی هەموویان دەزانن نەک بریاری تاکە لایەنێک .

٥. لە کاتێکدا لە دەنگداندا تەنیا دوو لایەن هەیە : لایەنی براوەو لایەنی دۆڕاو ، لە هاوڕایی دیمۆکراسییدا هەموو لایەک براوە دەبێت و ئەو وزەو هەوڵانەی لە بەربەرەکانی یەکتردا سەرفدەکرێن بۆ بەرژەوەندی گشتیی و سەرخستن و پێشخستنی پرۆسەی دیمۆکراتیی سەرف دەکرێن .

٦. بەلام هاورایی دیمۆکراتی یەکدەنگیی واتە ڕێکەوتنی ڕەها نییە و هەروەها موساوەمەو سەودای ژوورە تاریکەکان و چرپەچرپی کەسانی هەلنەبژێردراوو گەندەڵ و خاوەن بەرژەوەندیی بنەماڵەیی و حیزبیی و کەسیی تەسک نییە. کۆرایی بە بێ دیمۆکراسییەکەی :، بەشداریی یەکسان و تەواوی لایەنە سیاسییەکان وئەجندای ئاشکراو ، پرۆسەی ئاشکرا و ، ڕوونکاریی ( شەفافبوونی )، کرانەوە بۆ یەشداری کۆمەلگای مەدەنیی ، تەنیا ساختەچێتیی و فێڵ و پاشقولگرتن لە پرۆسەی دیمۆکراسیی و دوورخستنەوەی بەشداریی خەلک دەبێت .

٧. ئەم جۆرە هاورایی یە دیمۆکراتییە زیاتر ( دیمۆکراسی نوێنەرایەتی ) لە ( دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ ) نزیک دەکاتەوە . واتە نەک تەنیا ئەو هێزانەی کە لە پەرلەماندا یان لە پرۆسەی سیاسییدا قورساییان هەیە ، بەکو کەمینەی سیاسیی و توێژە مەدەنییەکانی تریش بواریان دەدرێتێ لە بڕیاری سیاسییدا بەشدار بن و ناوەرۆک و پرۆسەی ئەو بڕیارەش بە بیرو بۆچوون و بەشداریکردنیان دەوڵەمەندترو کاریگەرترو نیشتمانیترو دیمۆکراتیتر بکەن .

٨. وەک میکانیزم و تەکنیکێکی بەشداریی دیمۆکراتییانەی خەلک و هاولاتییان ، کۆسازان وهاورایی دیمۆکراتی تەنیا لە ئاستی سیاسەتی حوکمدا بەکار نایەت بەلکو لە بواری بەڕێوەبردن و کاراکردن و چالاکککردنی ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان و مەدەنییەکان و ناحکومییەکان و خێرەومەندییەکاندا ، بە فراوانی لە سیستمی دیمۆکراتییدا بەکاردێت . کە دەڵێین سیستمی

دیمۆکراسی مەبەست سسیتمێکە کە دەستووری دیمۆکراتی هەبێت و هەموو پرینسیپەکان و ستراکتورو دەزگاکان و ماف و ئازدییە دیمۆکراتییەکانی تێدا بەرقەرار بووبێت .

سسیتمی دیمۆکراسی تەنیا دەنگدان و تەنیا پەرلەمان و تەنیا حکومەت نییە ، تەنیا بڕیاردانی سیاسیی لە ناو حکومەت و لەلایەن کۆمەڵێ گەندەڵ و مشەخۆرو بێگانەپەرست و عەقڵبەردو داگیرکەرو داوێنپیس و و ویژدان مردووەوە نییە .

سسیستمی دیمۆکراتی زیاتر لە دەرەوەی حکومەتدا دەژیا و گەشە دەکات لەوەی لە ناو حکومەت و پەرلەماندا : لە ناو هێزی دەنگدانی ئازادی خەلکدا، لە دەزگا سەربەخۆکاندا ، لە بازاڕدا ، لە مەیدانەکاندا ، لە ناو نەقابە ورێکخراوە مەدەنییەکاندا ، لە ناو زانکۆو پەیمانگا وقوتابخانەکاندا ، لە شەقامدا ، لە ناو یکخراوەکانی سەربەخۆی ژنان و گەنجاندا ، لە ئۆفیس ودایەرەکانی حکومەتدا ، لە کارگەو شوێنەکانی کاردا ، لە سەنتەرە کۆمەلگاییەکاندا ، لە یانەو قاوەخانە رۆشنبیرییەکاندا ، لە سیمینارو کۆبوونەوە وخۆپیشاندانی لاواندا ، لە هەموو جمگەیەکی ژیانی خەلک ونیشتماندا ئامادەیە و لەهەموو ئاستەکان وئاراکاندا رۆژانە بڕیاری ئیداریی و کۆمەلایەتی و سیاسیی دەدرێت و بەشداری تاک و خەلک نمایش دەکرێت .

هاوراییی دیمۆکراتی ئەو ستراتیج و تەکنیکە دیمۆکراتییەیە کە هەوڵ دەدات گەورەترین ئاست و رادەی بەشداریی خەلک لە بریارداندا بەدەست بێنێت .

پرینسیپە دیمۆکراتییەکانی هاوڕایی دیمۆکراتی:

١. مافی جەوهەریی هەر هاولاتێکە کە هەڵوێست و بۆجوونی خۆی بە دەنگی خۆی و وشەی خۆی و خواستی ئازادی خۆی خۆی دەربڕێت و بیروڕای دەربارەی ئەو پرس و بابەت و کێشانەی کار لە خۆی و خێزان وکۆمەل و پاشەڕۆژی نیشتمانەکەی دەکەن

دەرببرێت و بەشداریی لە بریاردانی سیاسی ، ئابووریی ، کەلتووریی ، مەدەنیی دەربارەیان بکات . ئەو مافە دەبێت تا دەکرێ نانێوەندیی ( لامەرکەزیی ) بکرێت ودابەزێتە ئاستی هەرە محلەلیی و رێکخراوەیی نزیک لە شوێنی ژیانی هاولاتی دا یان ئاسانکاریی بەشداریکردنی لە شوێنەکانی تردا بۆ بکرێت .

٢. هاوڕایی دیموکراتی لەو ئاستە جەماوەرییەدا بۆ ئەوەیە کە هاولاتی بە بەشداریی سیاسی رابێنێت ، فێری دایەلۆگ و ئالوگۆڕی بیرو را بێت ، فێری کاری بەکۆمەڵ و قبولکردنی بیروڕای جیاواز بێت ، فێر بێت کە ژیانی کۆمەلایەتی یەکلایەن و یەکدامێن نییە و بە قەدەر هاولاتی تاک و ئازاد دەشێت بیرورایێ جیاواز هەبێت : دەربارەی زۆر پرسی دینیی ، ئایدیۆلۆجی ، نەتەوەیی ، سیاسیی ، کۆمەلایەتی ، حیزبەکان ، سەرکردەو سیاسییەکان ، ماف و ئازادییە شەخسییەکان ، رەوشی پێوەندیی و نەریتە کۆمەلایەتییەکان ، بابەتە سەردەمییەکان وەک بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایل ، روداوەکانی دەورو بەر و جیهان ، رووداوەکانی مێژوو- و ئێستا ، هتد حەتمەن دەربارەی هەموو ئەمانە بیرورای جیاواز دەبێت . تەنانەت دەربارەی ئەوەی چ خواردنێکت پێ خۆشە ، حەز لە چ گۆرانییەک و دەنگێک دەکەیت ، پشتگیریی کام تیپی یاریی دەکەیت .. هتد .

٣. ئێمە ئازادین بۆ خۆمان دەربارەی هەر پرسێک و بابەتێک لەمانە چۆن بیر دەکەینەوەو حەزە شەخسییەکانمان چین و چۆنن . بەلام ئازاد نین بیروراو بۆچوون و جیهانبینیی خۆمان بەسەر کەسانی تردا بسەپێنین و ئازادییەکانیان داگیر بکەین . ئازادیش نین لە ناو کۆمەلدا و لەگەڵ ( ئەوانی تر) نەژین . لە هەر شوێنێکی دنیا بژین ئەوانی تر هەن و وەک تۆ ، من ، ئێمە دەشێ خاوەنی هەست و حەزو بیری جیاواز بن . ناچارین بەیەکەوە بژین و ناچارین وەک چۆن خۆمان بە هەق دەزانین خاوەن بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆمان بین دەبێت باوەڕیشمان بەوە بێت کە

ئەوانــــی تـــــریش لە خوشـــــکەکەت و بــــــراکەت و دایکـــــت و باوکـــــت و هاورێکانتـــــانەوە تـــــا  هەمـــوو هاوســـێ و هاوشـــاریی و هەر هـــــاوڵاتییەکی تـــاکی ئەم ولاتە ئەوانـــیش مـــافی خۆیـــان هەیە خـــاوەنی بیرکـــــردنەوەو بۆچـــوونی  جیـــاواز لە  ئـــێمە بـــن، بێگومـــان تـــۆ پێـــت خـــۆش نیـــیەو پێشـــت دروســـت نیـــیە هـــیچ کەســـێک تەنـــانەت حکـــومەت و دەســـەلاتیش بیرێـــک و کارێکـــــت بەســـــەردا بســـــەپێنێت کە تـــــۆ هـــــیچ دەورو دەنـــــگ و رایەکـــــت لە دروستکردنی بریارەکاندا نەبووبێت .

لێـــرەوەیە کە پرۆســـەو پـــراوەی هـــاورایی دیمۆکراســـی گـــرنگە. بەهاکـــان و ئامــــــانج و رێکـــــارو بەرژەوەنـــــدییە هاوبەشــــــەکان گەر لە یاساشـــــدا بنـــــوێنرێن دەبـــــێ لە ئەنجـــــامی دەرفەتـــــی بەشـــــداری دیمۆکراســـــی لە دروســـتکردنیاندا بێـــنە کـــایەوە بـــۆ ئەوەی کـــۆڕایی یـــان لە ســـەر بێـــت و لەلایەن هەموو یان زۆربەوە قبوڵکراو بن .

٤. گەیشــــــتن بە کــــــۆڕایی و بریــــــاری کۆســــــازیی مانــــــای نەمــــــان و ســــــڕینەوەو پەراوێزکردنــــــــی پلــــــورالیزم وجیاوازییەکــــــان نیــــــیە . جیاوازییەکــــان بە زینــــدوویی و کــــاریگەریی لە دینــــامیکی بریارەکانــــدا وەک هێـــــزی ئیجـــــابی دەمێنـــــنەوە ، لە نـــــاو بیـــــرو بۆچـــــوونە تـــــاک و ئازادەکانمانــــــــدا دەمێنــــــــنەوە ، لەدەرەوەش لە شــــــــەقام و هەمــــــــوو شـــوێنێکدا کە خەڵـــک و تـــاکی ئـــازادی لـــێ بێـــت بە بیـــری رەخنەکـــارو چــــــاوی کــــــــراوەوە دەمێنـــــــــنەوەو دەبــــــــنە چــــــــاودێری پرۆســــــــە رەنگاورەنگەکـــــانی ژیـــــان و زامنـــــی دروســـــتکردنی ولاتێکـــــی ئـــــازادو دیمۆکرات و گەلێکی بەشدارو بەختەوەر .

مـــن جیـــاوازم ، تـــۆ جیـــاوازیی ، ئـــێمە جیـــاوازین : چەنـــد  یەکگرتـــوو- و پەلکەزێرێنەیی و  هەمیشە تازەو جوانین لە جیاوازییەکانماندا .

بەشی داهاتوو : کۆسازان و هاورایی دەسەلاتی کوردیی .